# نەهێشتنی گەندەڵی ئیداری یاخود چەواشە کردنی میللەت

ڕەوا گەرمیانی

*ئاش بەتاڵی ١٩٧٥ گەورەترین کۆس بوو بۆ گەلی کورد ، بەڵام هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ گرنگترین دەستکەوت بوو کە ماوە بە دوژمن نەدرا پشوو بدات خۆی بەهێز بکاتەوە ، ئەوە بوو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ داستانی کەم وێنە تۆمار ئەکرا و ڕۆژانە چەندین کوری قارەمان دەبوون بە قوربانی ڕێبازەکە و شۆڕشەکە لەگەڵ ئەوەشدا چاویان لە مۆڵک وماڵ و پلە و پایە نەبوو تەنها پێشبرکێ ی مەرگیان دەکرد .*

*لە پاش ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ کە هەموو کورد ئاواتە خوازی ئەو ڕۆژە بوو بەڵام بەداخەوە هەموو چەند مانگێک بەسەر ڕاپەرینەکەدا تێپەر بوو کۆمەڵێک باندی دزی و بازرگانی جەنگ و ڕاوروتکەری گەورە پەیدا بوون کە هەمویان خۆیان بە سەرکردەی شۆڕشەکە دەزانی بۆ نمونە گەورەترین باندی دزی کە ناو بانگی دەرکرد بنەماڵەی ( ال فتاح ) بوو یەکەم شۆفڵ لە کوردستان ئەم بنەماڵە بەرێزە لە قەلاچۆلانەوە ئاودیویان کرد کە گەورەترین ئەشغاڵی کوردستان لە فەلاچۆلان بوو بنەماڵەی ناوبراو سەرپەرشتیان دەکرد هەروەها ماوەی چواردە ساڵە خوێنی میللەتەکە ئەمژن سوپاس بۆ خوا خەریکە تێر بن و واز لە دزی بهێنن لەبەر ئەوەی هیچیان نەهێشت تا لوتکەی شاخەکانی دەوروبەری سلێمانییشان دابەشکردوە بە سەرخۆیاندا بۆیە خەریکی پاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی ئیدارین ئایا پرسیار لە خۆیان ناکەن بە چ شێوەیەک میللەت بڕوا بەم قسانەیان دەکات ، کاتێک بڕوا دەکرێت یەکێک لە سەرکردە بەرێزەکان بانگ بکرێت لێپرسینەوەی لە گەڵدا بکرێت و پێ ی بڵێن ئەم هەموومۆڵک و ماڵەت لە کوێ هێنا و چۆن پەیدات کرد ، گەر بەو مووچەیە بێت کە مانگانە وەری دەگرن تەنها بەشی خواردنەوەیان ناکات ئەی ئەو هەموو خانوو ، سەیارە ، ماڵ بەچی پەیدایان کرد بەڵام وا بزانم شەرعیەتیان بە دزیەکانی خۆیان داوەو ئێستا تێر بوون لە خەڵک قەدەغەی ئەکەن ، سەرەرای هەموو دزیەکان هەموو دەسەڵاتەکانی حکومەتی سلێمانی دابەش کراوە بە پێی پلەی خزمایەتی و پێرٍ و پێرٍ ( کتلە ) کاری بەڵام حکومەتی هەولێر دەسەڵاتی بنەماڵەیە ، تێناگەم کەی تێر ئەبن و بەزەییان بە میللەتەکەیان دێتەوە ، تەماشا بکەین لە سلێمانی بانگەشەی ئەوە دەکەن کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو کەچی عومەر فەتاح دەکەن بە سەرەک وەزیران ئایا گرنگی ئەم قارەمانە لە چیدایە ( سیاسەت ، ئازایەتی ، دەستپاکی ) یا شێخ بایز کە خاوەنی هیچ بروانامەیەک نیە*

سەرەرای ئەوەش رابردوویەکی خراپی هەیە یان حاکم قادر تەنها خەریکی پێشبرکێیە بۆ دروست کردنی کۆشک و تەلاری گەورە لە سلێمانی.

گەر ئاورێک لە شاری کەرکوکیش بدەینەوە بەتەواوی هەست بە چەوساندنەوەی کورد دەکەین لەم شارەدا بچوکترین دەسەڵات بە کەسانی ماندوو نادرێت گەر کەسێکی ماندوی خەبات یا رۆشنبیر لە مەڵبەندەکەدا بێت ناهێڵن گەشە بکات لەترسی ئەوەی دەزانن بە توانایە پاش ماوەیەک پێشبرکێ ی پلە دەکات لە گەڵیاندا بۆیە بەر بەستی پۆڵایین لە بەردەمیدا دادەنێن ، بۆ نمونە کابرایەکی وەک ( رەمەزانی حاجی رەشید ) ئەکەن بە جێگر کە نازانێت لە کۆڕو کۆبونەوەکاندا دوو قسە بکات بۆ راستی ئەم باسە جارێک لە کۆبونەوەی کارگێری مەڵبەند تایبەت دەبێت بە پێشنیار و راو بۆچون بۆ گەشە پێدانی رێکخستن پاش ئەوەی جەلال جەوهەر پێشنیارەکانی خۆی خستە روو ، بە چپە لە گەڵ رەمەزان حاجی رەشیدهەندێک قسەی کرد دیار بوو هیچ ووتەو پێشنیارێکی نەبوو بۆیە جەلال جەوهەر ووتی ( کاک رەمەزان هەموو پێشنیارو بۆ چونەکانی منی هەیە ). ئەم برادەرە خێری لێ ئەبینن لە رووە ئابوریەکەوە بۆ بەم شێوەیە پاساوی بۆ ئەدەن ، جگە لەمانە رۆژانە چەندین کاری نارەوا لە مەڵبەندەکەدا ئەبینرێت کە شایانی باس نیە .

بۆیە لێرەدا بە سەرکردەکانی یەکێتی دەڵێم بەسە میللەت چەواشە مەکەن چونکە یەکێتی خاوەنی خەباتێکی زۆر دیارو و بەرچاوە کەس ناتوانی نکوڵی لەوە بکات ، ئەرکی سەر شانی جەلال تاڵەبانی ئەوەیە لەپێشدا گەندەڵی لە ریزی حیزب بنبڕ بکات پاشان ئیدارە چونکە گەندەڵی ئیداریەکە لە گەندەڵی حیزبەوە سەرچاوەی گرتووە ، تا سەرچاوەیش وشک نەکات سودی نابێت ...

بۆیە دەڵێم ئەو نەهێشتنی گەندەڵیە تەنها چەواشە کردنی میللەتە